# له دووای وەفاتم کۆمەڵێک ڕوداو دێتە پێش و ناڕەحەتی وستەم بڵاو دەبێتەوە وشتانێک ڕوودەدات کە لاتان خراپە وپەسەند کراو نیە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمانی چیمان پێدەکەیت (واتە: ئەگەر گەیشتینە ئەو سەردەمە چی بکەین لەو حاڵەتەدا؟)، فەرمووی: «ئەو مافەی کە لە سەر ئێوەیە جێبەجێی دەکەن، وئەو مافەیشی کە دەبێت بۆ ئێوە جێبەجێ بکرێت لە خوای گەورە داوا بکەن

له ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: لە دووای وەفاتم کۆمەڵێک ڕوداو دێتە پێش و ناڕەحەتی وستەم بڵاو دەبێتەوە وشتانێک ڕوودەدات کە لاتان خراپە وپەسەند کراو نیە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمانی چیمان پێدەکەیت (واتە: ئەگەر گەیشتینە ئەو سەردەمە چی بکەین لەو حاڵەتەدا؟)، فەرمووی: «ئەو مافەی کە لە سەر ئێوەیە جێبەجێی دەکەن، وئەو مافەیشی کە دەبێت بۆ ئێوە جێبەجێ بکرێت لە خوای گەورە داوا بکەن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە هەندێك كاربەدەست دەكرێن بە فەرمانڕەوای مسوڵمانان ؛ پارە وسامانی مسوڵمانان وشتە دونیاییەكان بۆ خۆیان دەبەن وبەشی مسوڵمانان نادەن، وبەو شێوەیەی بیانەوێت خەرجی دەكەن ومافی مسوڵمانان نادەن . وئەم كاربەدەستانە هەندێك شت دەكەن لە دیندا؛ كە نكۆڵی لێ كراوە ورێگە پێ نەدراوە هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پرسیاریان كرد: لەم حاڵەتەدا چی بكەن؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو كە بێبەشكردنتان لە سامان ومافەكانتان نابێت ببێتە ڕێگر لەجێبەجێكردنی ئەوەی لەسەرتانە لە گوێڕایەڵی وپابەندبوون، بەڵكو ئارام بگرن وگوێڕایەڵ بن وململانێ مەكەن دژ بە كاربەدەستان، وداوای مافی خۆتان لە خوای گەورە بكەن، ونزا بكەن بۆئەوەی چاك بن وشەڕ وستەمیان لە ئێوە دوور بێـت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3156

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee